**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) برگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و ئاماژە بەکۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت ژمارە (٣٦) بڕیارماندا بە:

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- زیادکردنی بەرگری شارستانی لە هەیکەلی وەزارەتمان بەم شێوەی خوارەوە .

١- کردنەوەی بەشی بەرگری شارستانی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی / بەرێوەبەرایەتی کردە پزیشکیەکان لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی

٢- کردنەوەی هۆبەی بەرگری شارستانی لە بەرێوەبەرایەتی گشتیە تەندروستیەکان ( هەولێر – سلێمانی – دهۆک – هەڵەبجە – گەرمیان – ڕاپەرین – کۆیە – سۆران – زاخۆ) .

٣- کردنەوەی یەکەی بەرگری شارستانی لە گشت نەخۆشخانە و سنتەر و بنکە تەندروستیەکان .

- ئەم بەیانە لە رێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لەسەر دەکرێت .

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی هۆبەی (یاسایی) لە پەیمانگای پزیشکی دادوەری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٢/٢٨.

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی سەنتەری (هیمۆفلیا) لە ناو نەخۆشخانەی نانەکەلی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٢/٢٨.

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی ( بەشی سەنتەرە پسپۆڕیەکان) لە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری چارەسەری سەربە بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی.

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٢/٢٩.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**